The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# چاک  بەردەوامە لە نارەزایەتی دەربڕین دژ بە داگیرکەری ئێران .

بەهۆی تۆپبارانی بەردەوامی داگیرکەران (ئێران ، تورکیا) بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان ، کە بۆتە هۆی ئاوارە بوونی  سەدان خێزانی کورد  و پێشێل کردنی سنوری باشووری کوردستان، ناوەندی چاک- سوێد    رۆژی 2007/9/8 ، کاتژمێر 13،30 بۆ 14،30  لە شاری ستۆکهۆڵم ، خۆپیشاندانێکی هێمنانەی لە بەردەم  باڵوێز خانەی ئێران ئەنجامدا شایەنی باسە ئەگەرچی باران بە لێزمە دەباری و دووری  چەندین کیلۆمەتر ی باڵوێز خانەکە  لە  سەنتەری شاردا ، کە چی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی چاک و دۆستانی لە شارەکانی ستۆکهۆلم ، ئیسکلیستونە، ئۆپسالە  ئامادە بوون .

لە گەرمەی خۆپیشاندانەدا نوێنەری چاک وتارێکی بە زمانی کوردی خوێندەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەرای ئەوەی سەدان ساڵە ڕژێمی ئێران تاوانی هەمەجۆر دژ بەگەلەکەمان ئەنجام دەدات ،   تا واز لە ئازادیەکانی خۆی بهێنێ ، کەچی گەلی کورد بەردەوام بووە، لە  خەباتی خۆی بۆ بەدەست هێنانی مافی بڕیاری چارەنوسدا




دواتر لەلایەن نوێنەری پژاکەوە  وتارێک خوێنرایەوە کە ئامانجی سیاسی خۆیان و ئیدانەکردنی تۆپباران بۆ سەر خەلکی سڤیل دوپات کرایەوە ، وە داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە ئاگادار بن ئێمە دەمانەوێت لولەی تفەنگەکانمان ئاراستەی ئەو دەوڵەتە بکەین کە ئێستا سەفارەتەکەی لەبەرامبەرمان دایە نەوەک برا و هێزە سیاسیەکانمان لە باشوری کوردستاندا .

شەریفە خان بەناوی خۆپیشاندەرانەوە وتارێکی بە زمانی فارسی  خوێندەوە کە  ئیدانەی تۆپبارانی رژێمی داگیرکەری ئێرانی کرد بۆ سەر خاکی کوردستاندا .

لەکۆتایشدا  داخوازی خۆپیشاندەران خوێندرایەوە کە خۆی لە

1/ راگرتنی دەستبەجێی تۆپباران بۆ سەر خاک و خەڵکی باشووری کوردستاندا .

2/ داوای لێ بوردن لەخەلکی کوردستان بکرێت وقەرەبوی مادی ئەو دێهاتانە بکرێت کە بەهۆی تۆپبارانەوە زیانی مادیان پێ گەیشتوە .
3/ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەبەشی ڕۆژهەڵاتدا کە خۆی ببینێتەوە لە مافی بریاردانی چارەنوسدا.

شایەنی باسە سەفارەتی ئیران وەک پیشەی هەمیشەیان کە زۆر پەستن بە خۆپیشاندانی کوردان لەبەردەم سەفارەتاکانیاندا ، ئامادە نەبوون داخوازی نامەی خۆپیشاندەران وەر بگرن ، بۆیە بریار درا بە شێوازی پۆست ئاراستەیان بکرێت.




ناوەندی چاک/سوێد
20070908

Chak_org@yahoo.com

www.chak.be